موبەرقەع: خواستەکی گەورەی عێراقی هەیە بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا

وەزیری لاوان و وەرزش ئەحمەد ئەلموبەرقەع، ئەمڕۆ سەشەممە، جەختی کردەوە کە هەڵبژاردنەکانی ئێستا بەرزترین ڕێژەی بەشداری لە دوای ساڵی 2005ـەوە بەخۆوە دەبینێت.

موبەرقەع ڕایگەیاند: "عێراق لەرێگەی هەڵبژاردنەکانەوە ئەوە دەسەلمێنێت کە عێراقی دیکتاتۆرییەت نییە، بەڵکو عێراقی گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵاتە."

ڕوونیشی کردەوە کە "عێراقییەکان بە پەلە دەچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان بۆ دەنگدان و هەڵبژاردنی گونجاوترین و شایستەترین کەس بۆ بەڕێوەبردنی وڵات."

وتیشی: "هەڵبژاردنەکانی ئێستا بەپێی ڕاپرسییەکان قەبارەیەکی گەورەی بەخۆوە بینیوە، بە جۆرێك ڕێژەی بەشداری لە دەنگدانی تایبەت بەرزترین بووە لە دوای ساڵی 2005ـەوە،"

ئاماژەی بەوەشدا کە "عێراقییەکان خواستی گەورەیان بۆ بەشداریکردن و گرنگیدان بە پێسەی هەڵبژاردن نیشانداوە، بۆ دەرخستنی وێنەی عێراق وەکو وڵاتێکی شارستانی و دیموکراسی."

لە کۆتاییدا هیواشی خواست کە "پێکهێنانی حکوومەتی داهاتوو ئاسان و بێ کێشە بێت."